**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٢٧٥١ لە ٢٠١٦/٦/٢٢**

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، لەبەر ڕۆشنایی کۆنوسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٤) لەبەرواری ٢٠١٦/٦/٩بڕیاردرابە**

**بڕیاری**
**ژمارە ( ٨٩ ) ساڵی ٢٠١٦**

**١- پەسەندکردنی هێڵەگشتییەکانی نەخشە ڕێگای هاوبەشی حکومەتی کوردستان و بانکی نێودەوڵەتی (world bank ) تایبەت بە چاکسازی ئابووریدا بە ناوی چاکسازی لە ئابووریدا لە پێناو بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران ( KRG Reform the Economy for sherd prosperity and protecting the vulnerable) کە لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣٠ لەلایەن وەزارەتی پلاندانان لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی خرایەوە ڕوو بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

**٢-ڕاسپاردنی هەر وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەکردنی پلان و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی نەخشەڕێگاکە بەپێی پەیوەندی ، و چاوخشاندنەوەی و وردبینیکردن و نوێکردنەوەی داتا زانیارییەکانی هاتوو لە نەخشەڕێگاکە بەهەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پلان دانان.**

**٣-پێویستە لەسەر گشت لایەنەکانی جێبەجێکاری ئەم بڕیارەبەلایەنی کەم هەموو (٩٠) نەوەد ڕۆژ جارێك ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن و وێنەی لێ بدەن بە وەزارەتی پلاندانان لەسەر بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگاکە .**

**٤-پێویستە لەسەر وەزارەتی پلان دانان کۆبوونەوە و سیمیناری پێویست بۆ خستنە ڕووی وردەکاریی نەخشەڕێگاکە سازبکات**

**٥-وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراوە بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**